# پرۆسەی بەناو ئەنفال بۆ؟
# یادکردنەوەی لەبەرچی؟

**عەدنان سالەیی**

لەدوای ساڵی(١٩٨٨)ەوە چەمکی ئەنفال چووە ناو ڕیزو بۆتەی ئەو چەمکانەی کە بەزمانی عەرەبی پێی دەڵێن (کلمات الاصداد) ئەم وشانە ئەو وشانەن کە چەند مانایەك هەڵدەگرێت، بەپێی ناو و کۆ و سیاقی ڕستە و پەرەگراف وەکو (مولی) بەواتای گەورەو سەیر دێت هەم بەواتای خواردەست و ژێرەوە یان وشەی (الدین) هەرجارەو بەواتایەك هاتووە ئەنفالیش لە پێشدا تەنها ئەنفال بووە وەکو ئەنفالیش مامەڵەو دادکراوە، چ وەکو پێناسە چ وەکو ئامانج و مەبەست ئەگەر تەماشای موخاتەبە قورئانیەکە بکەین کە ئەنفال چیە و چۆن بەکار هاتووە (یاسالونك عن الانفال قل للة والرسول) بە تێزێکی ئیسلامی واتای (غنیمة) زیادە و دەستکەوتی جەنگ و غەزا ئەمەش بە پێی دەستوری ئیسلامی ئەیان بەخشیەوە بەسەر جەنگاوەرەکاندا، راغبی ئەسفەهان لە مەعجەمەکەیدا بنجی وشەی ئەنفالی ڕاڤە کردووە، ئەنفال( نفل)ە بەنوێژە سونەتەکان ئەوترێت (نوافل) دەڵێت: ای زیدە علی الواجب" جگە لەواجبەکان دەبێتە (نوافل)، زیادە واتای لەڕوانگەی ئاینەوە ئەو زیادەو دەسکەوتانەی لە جەنگدا بەدەستیان دەکەوێت پێی دەوترێ ئەنفال.

بە دەستووری زمان( گرامەر) ئەنفال چاوگە کردار نییە ، بەم پێودەنگانەی سەرەوە ئەنفال بەرامبەر کەسو گروهێك بەکار دێت کە موحارەبەی دین بکات و بڕوای بە ئاین و خوا نەبێت کەچی بەرامبەر نەتەوەیەك بەکار هێنراوە تا سەر ئێسقان پابەندە بە ئاین و نوێژ و ڕۆژو مزگەوت و لە نێوان دوو جەسەرێتی ئەنفالدا جارێ مەفهومێکی قورئانی موقەدەس لە پێناویدا خوێن دەڕێژری وسەرکەوتن و دەسکەوتی دەبێت، مایەی فەخرو شانازییە جارێکیش چەمکێکی قیزەون و بیزراو سیمای کلۆڵی نەتەوەیەکی وەکو کوردە بە پێودانگی پێناسەو ڕێسا زمانەوانییەکان یەك شێوە و جۆری ئەنفال هەیەو چەند خوێندنەوەو واتا هەڵناگرێت، بەوەی کە ئەمەش لە (کلمات الاضداد) بێت چەند مانایەك

بدات بە دەستەوە بەڵام وەکو پەرجۆیەکی ئیلاهی لە دوای ساڵی ٨٨ وەئەم چەمکە واتاو مەدلولاتی گۆڕاو و فرە مانایە، پرۆسەی بەناو ئەنفال بۆ؟ لە کاتێکدا ئەم پرۆسەیە گەیشتنە ئەنجام بە نهینی و پەنهانی نەبوو بە نوێژی نیوەڕۆو بەبەر چاوی هەموو لایەکەوە تەپڵی سەرکەوتن کوترا لە کاتێکدا ئەنجامدەری ئەو کارە بێ ئاگا نەبووە لەوەی کە ئەنفال چ پیرۆزییەکی ئاینی هەیە بۆ ئەوەی سۆز و عاتیفەی دەورو بەر بە لای خۆیدا رابکێشی دێت بەرامبەر جینۆ سایدی نەتەوەیەك موقەدەسترین چەمك بەکار دەهێنی و ئەیکا بە عەمەلیەو بەو پەڕی شانازیشەوە بە جێی دەگەێنی، بۆیە ئەمان کوشتاریان نەکردووە قڕکردن نییە، سڕینەوەی میلەتێك نیە بە بارە کۆمەڵایەتیەکەیەوە بە دیوە ئاینی و شەرعیەکەشدا لە ناو سەدەی بیسدا حەزرەتی حکومەتی بەعس جارێکی تر رۆحی کردەوەو بە گیانی ئایندا میلەتێکی لە رێ دەرچووی دەرسدا و سەرو ماڵیانی حەڵاڵ کرد بۆیە ئەمە ئەنفالە ئەنفال نەوەکو کوشتار ، چونکە لەم حاڵەتەدا ( من قتل نفسا بغیرحق فکانما قتل الناس جمیعا) هەر کەسێك نەفسێك بکوژێت بە ناحەق وەکو ئەوە وایە هەموو دنیای کوشتبێ جا چ جای سیفەتێکی خاوەن ئاین و ئەخلاق هەر چۆنێك بە ناو ئەنفالکرا بەڵام دەبێت ئێمە سوور بین جەخت بکەینەوە لەسەر ئەوەی لە یادی کارەساتی بە ناو ئەنفالدا نەڵێن یادی ئەنفال لە هەموو جێگەیەك بوترێت بە ناو ئەنفال چونکە خودانی ئاین و بەهاو ئینسانیەت ئێمەی میلەتی کوردین نەوەك ئەنجامدەری کارەساتی بە ناو ئەنفال ئایە دەبێت دەسەڵاتێکی تاغوتی مل هوڕ میلەتێکی خودان ئاین و بەها ئەنفال بکات یان رێساو پڕانسیپەکانی دژ و پێچەوانە بونەتەوە ئەو جێکارانەی کە کارەساتی بە ناو ئەنفال ئەیخاتەوە، لە رووی سایکۆلۆجییەوە هیچ تاکێك دەروونێکی جێگیرو لە جێی نابێت توشی شڵەژانی دەروونی دەبێت هەر تاکێکیش باری دەروونی لە جێ نەبوو تووشی نوخۆشی جەستەیی دەبێت بە تایبەت هەندێك نەخۆشی وەکو سایکۆسۆمات ئەم جۆرە نەخۆشییە تێکچوونی دەروونی شڵەژان کار لە جەستە دەکات و جەستە باجەکەی دەدات چەند نەخۆشییەکی لێ دەبێتەوە سەرباری ئەم شڵەژانی دەروونیە تاك هێزی تێدا نامێنێت و کاری پێ ناکرێت و لەش لاواز دەبێت و تواناو قودرەتی بەسەر کارو باردا نامێنی ناشکێ وە هۆکارێکی تری تێکچوونی شیرازەی خێزانە چونکە تاکەکان هیچ کامیان مامەڵەیان دروست و لەبار نییە، بۆیە توشی کارو کاردانەوەی خراپ و نالەبارە بن ، بەڵام لە هەموو کارەساتر لایەنی خراپەی

بارە کۆمەڵایەتییەکەیە چونکە حاڵەتی نۆرم نامێنی و تێکەچێ ئەو بارە ئاسایی و کۆمەڵایەتییەی کە کۆمەڵگەی لەسەر دەڕوات ئەشڵەقی و لە نۆرم حاڵەتی ئاساییەوە بۆ تێکچوونی شیرازەو تێن تیا نەمان ئەو حاڵەتە نالەبارو نیگەتیڤانە لە رووی ئابوورییەوە باری ئابووری لە جێی خۆی نامێنی و ئەشێوێ بەوەی بە تاڵەیەکی زۆر و بەکاربدرنی لە رادەبەدەر، نەمانی ئیش و بەرهەمهێنان دەبێتە هۆی تێکچوونی بازاڕ و هەڵکشان و داکشانەوە، هەرەس هێنانی ئابووری لێکەوتنی بارودۆخی دزێ و لە هەمووش خراپتر مەسەلە و مامەڵە کۆمەڵایەتییەکەیە چونکە بەمەقولە پێشهینانەکە ناچاری سەرت پێیە کات بە ماڵی دوژمنا لە حاڵەتێکی ئەوادا بارێکی کۆمەڵگەیی نادروست سەیتەرە و باڵ بەسەر واقیعەکەدا دەکێشێت چەندەها خوی دزێ و نەشیاو سەرچاوەو سەر هەڵ دەدا تا دەگاتە حاڵەتی لەش فرۆشیش چونکە ئەمە هۆکارە کە پاش وێرانکاری و جەنگ ئەم ئاریشەو ئاشوبانە دێنە مەیدان هەروەکو حەمە عومەر عوسمان دەڵێت:

لە پێش جەنگ دیم

ئافرەتێك بوو

هەتا بڵێی نورانی بوو

ئەفسوس

دوای جەنگ بینیمەوە

ناودارترین سۆزانی بوو

کۆمەڵگە هەڵئەتەکێنی ئەیشێوینی هەلاجی دەکات هەر راگواستن و کاولکاری و فاکتەرێکی سەرەکی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و دەردە.

بەو پێیە کارەساتی بە ناو ئەنفال زۆرترین پشکی بەر ناوچەی گەرمیان کەوت ئەبێ چۆن بووبێ چ شوێنەوارێکی بە جێهیشتبی بەتایبەت ئۆردوگایەکی وەکو شۆڕش لە ناوچەی چەمچەماڵ هەر چۆنێك بێت هەقی پێدراو میلەتێك بە ناوی ئاین و پیرۆزییەوە ئەنفالکردنیان پێرەوا بینراو هەرکەسێکیش ئەم دیرۆك و بەسەرهاتە ببیستی بخوێنیتەوە وادەزانی ئەم نەتەوەیە دوور لە خودا و دژە دین بوونە لە سەروو ئەمەشەوە داگیر کەر بوونە، بۆیە لە ژێر ئالای الله اکبر کەتیبەی خالیدی کوڕی وەلید و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسدا موستەحەقی ئەنفال بوون و ماڵ وحاڵیشیان خەنیمەیە بەلاّم سێ ساڵ پاش ئەم پڕۆسە و کارەساتە حکومەتی کوردی هاتە سەر تەخت و جێگای

خۆشحاڵی و سوکنایی میلەت بوون، ئێستاش ساڵانە لە چواردەی چوار یادی ئەم کارەساتەیە، پرسیار لەوەدایە بۆچی لەبەر چی یادی ئەکەنەوە، یاد ئەکرێتەوە؟ ئەیانەوێت بڵێن چی و مەبەستیان چییە؟ ئەگەر بە پێی ئەو پەندە عەرەبییە بکەین کە (فهم سوال نفس الجواب) باشە با ئەوان لە پرسیارەکەی ئێمە تێبگەن ئەو سا وەڵامێکی دروست و مەنتیقمان بدەنەوە ئەگەر بیانەوێت بڵێن ئەمە کارەساتێکی گەورە بووەو لە بیر نەکرێت ئەوا لە هەست و نەستی ئەو منداڵانەشمان کە لە دایك نەبوونە لە ڕێگای بۆ ماوە و جینایەتەکانەوە بۆیان دەگوازیینەوە کە ئەمە سیستەمێکی بێتەفسیرە لەم میلەتە کراوە، یان مەبەستیانە کە دەورو بەرو میلەتانی تر بزانن ئێمەش وەکو هێرۆ شیماو کارەساتەکانی تر غەدریش لە ئێمە کراوە، ئەوە بەڵگەو ئارگۆمێنت لەبەر چاوو بە هێز ئەو روداوو کارەساتە دەسەلمێنی یادکردنەوەی بە ناو ئەنفال و ئەم کارە ساتە بەوە نییە کە ساڵانە رۆژێك یان بەچەند وێنە و سرود و سیناریۆیەك یاد بکرێتەوە جگە لە کولاندنەوەی زامی ئەم میلەتە هیچی تر نییە،

لە ماوەی چەند مانگێك دا پڕۆسەی بە ناو ئەنفال ئەنجامدرا بەڵام ئەو عومرێکی تولانی و چەند ساڵێکە کەسو کاری ئەنفال دەکرێن و لە ناو نەهامەتی و ژیانی ئەو ئەنفالەدا دەژین  لە بیر نەکردنی کارەساتی بە ناو ئەنفال بەوەیە کە بایەخ بەو خەڵکە رەشوروتە بدرێت و شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابینبکرێت و قەرەبوو بکرێنەوەو ژیانیان بۆ دابین بکرێت و برینەکانیان ساڕێژ بکرێت، بە خزمەتکردن نەبادا بە سرود و کولاندنەوە، تا ئێستا من وەکو خۆم خەڵکی ئەو ناوچەیەم و چەند ساڵێکە لە ئۆردووگای شۆڕش وانەدەڵێمەوە ئەوسا زانیم لە چ ژیانیك دان و عەجەب غەدرێکیان لێ کراوە تاکو ئێستا چوار دەوام لە خوێندنگەیەك و زۆربەی خوێندکارەکانیش کاتژمێرێك و بەپێ بە ناوقوڕو لیتەدا رێ ئەکەن، ئەمەیە حاڵی پەروەردەی چاو گەشەکانی دایك و باوکی بە ناو ئەنفال کراوەکان و ئەو داپیرەو باپیرانەش کە منداڵەکانیان بە ناو ئەنفال کراوە تاکو ئێستا هیچیان پێ نەبەخشیون دەرگای ژورەکانیان تەنەکەو لایلۆن و دیواری ماڵ و ژورەکەشیان سپی نەکراوەو پلەیەك لە چۆڵەوانی و ئەشکەوت باشترە رێژەیەکی زۆریان قوتی رۆژانەی ژیانیان لەسەر داهاتی ئەو تەنها چێلە یان ئەو چەند سەرە ئاژەڵەیە کە هەیەتی ئەویش ژینگەی شار پیس دەکات، بۆیە دەبێت بچنە دەرەوەی شار لە ناو شاردا قەدەغەی،ە پاشان ئەوانە شوێنی خۆیان دەڵێی تەویلەی ئاژەڵە ئەبێت بە دوای

جیاوازیدا بە وردی بگەڕێت تا بیدۆزیتەوە چی قە دەغە ئەکەن، ئەکریٚ ئەبێت جیاوازی ئەو پڕۆسەی بە ناو ئەنفالە و ئەم ئەنفالە لە چی و لە چییا بێت پەندێکی کوردیمان هەیە دەڵێت ( کورد بدویٚ شەرحی خۆی ئەکات) ئەگەر یادکەرەوەی ئەم پڕۆسەیە بدوێنی شەرعی خۆیان ناکەن کە مەبەست چییە لەم یاد کردنەوەیە ئایە بازرگانی کردن نییە بەم پڕۆسەیەو یادکردنەوەیە کیٚ ئەنفالکراو کیٚ باجەکەی داو کیٚ بیٚ نازو بیٚ خزمەتە کەچی خێرە مۆنیمێنتی بە ناو ئەنفال لە هەولێر دروست دەکرێت، ئایە جیاوازی بەینیان ئاسمان و ریسمان نییە ئەگەر ئەمە مەبەست نییە و تا هەر مەندوبێك بێتە هەولێری پایتە خت بۆیان نمایش بکەن و بڵێن  کە ئێمە بە ناو ئەنفال کراوین بەڵام لەیادمان نەکردوون و یان ماڵ خۆی لە خۆی نەبوو میوان رووی تێکرد کەسوکاری بەناو ئەنفال چ لە یاد و مۆنیمێنت بکات لە کاتێکدا خۆیان بیست ساڵە لە ناو ناسۆر و میحنەت و ژیاندا ئەگوزەرێن ئەژین مەگەر هەر بڵێن ئەم نانە بەم ڕۆنە دەست و چاوتان خۆش خوا لە ئێمەتان نەکات بتان پارێزێت بۆ یادکردنەوەی ئەنفال و هەڵەبجەو شتی تریش.